**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**
**ژمارە : ٥٢١٨ لە ٢٠١٥/١٢/١٦**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هە موارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا ، بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بریارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییە:-

**رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥**
**یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧**
**هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا**

**ماددەی (١):**

١- هەرکەسێك هاوکاری ویارمەتی دەری پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ بێت لە کاتی بەرگری یان بە هۆی رووبەرووبونەوەی چەکدارانە و رووبەروبوونەوەی تیرۆرستان یان بە هۆیانەوە شەهید بوون ، بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێت ٠

٢- هێزەکانی (پێشمەرگە ، ناوخۆ ،ING) کە لە ئەنجامی کاری تیرۆرستی یان رووبەرووبوونەوەی چەکدارانە شەهید دەبن بە دوا پلە و ئەو مووچەیەی کە لە کاتی خزمەتکردنی دا وەریگرتووە ، بە شەهیدی سەنگەر تۆماردەکرێن .

٣- هەر پیشەوەرێك کە لە بواری مین هەڵگرتنەوە کاربکات و لە ئەنجامی ئەرکی فەرمی و بەهۆی تەقینەوەی مین یان تەقەمەنی ترەوە گیان لە دەست بدات ، بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێت ٠

٤- کەم ئەندامی سەنگەر دوای مردنی ، بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێت.

٥- أ- هەر کەسێك پێشمەرگە یان خەباتگێری سیاسی بێت و لە دەرئەنجامی ئەمانە ئاوارەی وولاتانی دەورووبەر بووبێت لە ئاوارەیی تا ١٩٩٣/١٢/٣١ کۆچی دوایی کردبێت ، بە شەهیدی سەنگەر تۆماردەکرێت.

ب- کەس و کاری پێشمەرگە و خەباتگێری سیاسی یان هەر هاووڵاتیەك کە ئاوارەی وولاتانی دەورووبەر بوونە لە ئاوارەییدا تا ١٩٩٣/١٢/٣١ کۆچی دوایی کردبێت ، بە شەهیدی هاووڵاتی تۆماردەکرێت .

٦- أ- هەر هاووڵاتیەك لە رێکەوتی ١٩٩١/٣/٣١ تاوەکو ١٩٩١/٧/١ لە ئەنجامی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان کۆچی دوایی کردبێت ، بە شەهید هاووڵاتی تۆماری دەکرێت ٠

ب- هەرکەسێك لە کاتی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی خەڵکی کوردستان بە هۆی رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی ڕژێمی لە ناوچوو شەهید بووبێت ، بە شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێت ٠

٧- هەرکەسێك لە رێکەوتی ١٩٧٥/٥/١ تاوەکو ١٩٧٨/١٢/٣١ لە دوورخراوەیی بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق کۆچی دوایی کردبێت ، بەشەهیدی هاووڵاتی تۆماردەکرێت.

٨- هەر كەسێك لە كاتی جەنگی عێراق و ئێران بە بۆردومانی فڕۆكە یان تۆپباران گیانی لە دەست دابێت ، بەمەرجێك چەكداری ڕژێمی پێشوو نەبوو بێت و مووچەی خانەنشینی نەبێت ، بەشەهیدی هاوولاتی تۆماری دەكرێت.

٩- هەركەسێك لە پاش ساڵی ١٩٩١ بە بۆردمان یان تۆپبارانی ئێران و توركیا وولاتانی تر گیانی لە دەست دابێت ، بە شەهیدی هاوولاتی تۆمار دەكرێت.

١٠- هەر كەسێك بەهۆی پاشماوەی چەك و تەقەمەنی ڕژێمی بەعسی لە ناو چوو گیانی لە دەست دابێت ، بە مەرجێك چەكداری ڕژێمی پێشوو نەبووبێت ، بە شەهیدی هاوولاتی تۆمار دەكرێت ٠

١١- هەر كەسێكی بەركەوتووی چەكی كیمیایی لە هەڵەبجە و ناوچەكانی تری كوردستان كە مووچەی تایبەت بە بەركەوتوانی چەكی كیمیایی وەردەگرێت لە دوای مردنی بە شەهیدی جینوساید تۆماردەكرێن ، وە ئەو كە سانەش كە پێش دەرچوونی مووچەی تایبەت بە بەركەوتووانی چەكی كیمیایی لە ٢٠١٢/٣/١٢ مردوون و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشكی بەركەوتنەكەی پشتراست كرابێتەوە بە شەهیدی جینۆساید تۆماردەكرێن.

**ماددەی ( ٢ ):**

١- ئەگەر هاوسەری شەهید هاوسەرگیری نەكردبێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە شایستە (شەهیدانە)ی پێدەدرێت:

أ- ئەگەر دایك و باوك و منداڵی شەهید لە ژیاندا مابێت ئەوا شایستە (شەهیدانە) كە بە یەكسانی لە نێوان دایك و باوك و منداڵی شەهید و هاوسەرەكەی دابەش دەكرێت ٠

ب- ئەگەر دایك و باوك و منداڵی شەهید لە ژیاندا نەمابێت وە خوشك یان برای لە ژیاندا مابێت ئەوا هاوسەری شەهید هەموو شایستەی (شەهیدانە)كە .

٢- ئەگەر هاوسەری شەهید هاوسەرگیری كردبێتەوە ، بەم شێوەیەی خوارەوە شایستە (شەهیدانە)ی پێدەدرێت.

أ- ئەگەر دایك و باوك و منداڵی شەهید لە ژیاندا مابێت ئەوا شایستە (شەهیدانە) كە بە یەكسانی لە نێوان دایك و باوك و منداڵی شەهید و هاوسەرەكەی دابەش دەكرێت ٠

ب- ئەگەر دایك و باوك و منداڵی شەهید لە ژیاندا نەمابێت وە خوشك و برای لە ژیاندا مابێت ئەوا شایستە (شەهیدانە) كە بە یەكسانی لە نێوان هاوسەر خوشك و برای شەهید دابەش دەكرێت٠

ج- ئەگەر دایك و باوك و منداڵ و خوشك و برای شەهید لە ژیاندا نەمابێت ئەوا هاوسەری شەهید هەموو شایستە ( شەهیدانە ) كە وەردەگرێت ٠

**ماددی ( ٣ ):**

١- هەركەسێك تەمەنی (٦٣) شەست و سێ ساڵی تەواو كردبێت بە پەككەوتە دادەنرێت بۆ بوون بە وارس.

٢- خوشك و برای شەهیدی(سەنگەر یان هاوولاتی) ئەگەر پەككەوتە بن و پلەی پەككەوتەكەیان لە ٦٥٪ كەمتر نەبێت بەدەر لە مەرجەكان دەتوانن شایستەی (شەهیدانە) وەربگرن

٣- ئەگەر لە خێزانێك دا زیاتر لە شەهیدێکی (سەنگەر یان هاوولاتی) هەبێت لە کاتی نەبوونی وارسی پلە یەکی شەهید ئەوا خوشك و برای شەهید بەدەر لە مەرجەکان دەتوانن شایستە(شەهیدانە) یەك وەربگرن وە بە یەکسانی لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت .

٤- ئەگەر لە خێزانێك دا زیاتر لە شەهیدێکی (سەنگەر یان هاوولاتی) هەبێت لە کاتی نەبوونی وارسی پلە یەکی شەهید وە تەنها خوشکێك یان برایەکی شەهید لە ژیاندا مابێت ئەوا خوشکەکە یان براکە بەدەر لە مەرجەکان دەتوانێت شایستە (شەهیدانە) یەك وەربگرێت .

٥- ئەگەر لە خێزانێك دا زیاتر لە شەهیدێکی (سەنگەر یان هاوولاتی) هەبێت ئەوا شایستە (شەهیدانە) کە کۆدەکرێتەوە و بە یەکسانی لە نێوان مستەحەقەکاندا دابەش دەکرێت .

**ماددەی ( ٤ ):**

( برا و خوشك )ی شەهیدی سەنگەر وە (کوڕ و کچ یان برا و خوشك )ی شەهیدی هاوولاتی دەبێت بەڵێن نامەیەك بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بهێنێت کە هیچ مووچەیەکی حکومی وەرناگرێت بۆ سەلماندنی خاڵی (٥،٢) ماددەی سێیەم لە یاسای هەمواری سێ یەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**ماددەی ( ٥ ):**

لە کاتی پێدانی ماف و ئیمتیازاتەکانی ماددەی چوارەم بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم لە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ئەوا بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان مستەحەقەکاندا دابەش دەکرێت.

**ماددەی ( ٦ ):**

بڕگەی (ج) لە خاڵی سێیەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی چوارەم لە یاسای هەمواری سێ یەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان - عیراق تەنها شەهیدی هاوولاتی دەگرێتەوە

**ماددەی ( ٧ ):**

کار بەهیچ ڕێنماییەك یان بڕیار و فەرمانێك ناکرێت کە ناکۆك و پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە بێت

**ماددەی ( ٨ ):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**محمود حاجی صالح**

**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان**